# (عەلی تولاّبی)، سەفیرە نوێیەکەی هونەری کوردی بناسن....

هەڵۆ بەرزنجەیی ٢٠٢٢/٦/١٢

دوای ئەوەی یەک دوو ڤیدیۆی ئەم دەنگە ڕەسەنەی کورد و لوڕستانم بینی و بیست، ئەم بەیانییە١-٢ کاتژمێرم بە گوێگرتن بەدیار تەواوی بەرهەمەکانییەوە بەسەر برد... بێ دەسەڵات و بێ ئاگا لەخۆم چاوەکانم جۆگەلەی فرمێسکیان بەست ( فرمێسک و گریانی خۆشی)... ئای لەو خەڵات و پاداشتە ڕۆحییە بەنرخ و بەرزە ..!

ئەم هەڵکەوتووە، (عەلی تولاّبی) لە ئیستاوە لێی دیارە سەفیریی گۆرانی کوردی داهاتوومان دەبێت...

دەنگێکی ئاوریشمی و دڵفڕین و کاریگەر، جوڵە و ڕەفتاری تژی لەکەسایەتی و پێشکەشکردن.. شارەزا و باڵادەست لە هونەرەکەیدا و رۆح شیرین و خۆشەویست لە رووخساردا...

«»بنۆڕن.. لۆڕستان چۆناوچۆنی پێشوازی لە رۆڵەکەی دەکات ...!

«»بنۆڕن.. ئەو خەڵکە چەند تینوویی ژیان و هونەرە!

«»بنۆڕن.. دەبێت ئاوا کەسایەتی کوردی دروست بکرێ...

بەڵێ فەرشی سوور بۆ کاکە عەلی تولاّبی داخەن و گوڵی گوڵزارەکان بچنن و بچنە پێشوازی ئەم ڕۆڵە هەڵکەوتووەی کورد و هەموو دڵخۆش بن بە بوونی ئەم دەنگە ڕەسەن و هونەرمەندە بەتوانایە و بیکەنە قارەمانی هونەریی کوردیی ...

ئەم دەنگە ئەفسووناوییە، ئەم جریکە زێڕینە ڕەسەنە،لەرەی ژێ و قوڕگە پڕ لرفە و شەپۆلەی دەنگ و ئاواز، نوێنەری هونەر و کەلتوورێکی باڵای دەوڵەمەندی کوردییە..

تولاّبی هونەری نەتەوەی کورد پێشکەش دەکات و خزمەتی دەکات ، دەبا ئێمە شیعر و گۆرانی بڵێین، بۆ ئەم نەمانە تازە پێگەیشتووەی خۆمان !تا دەبێتە پیرە دارگوێز و ڕەگ لە دڵی نیشتماندا دادەکوتێ، ڕەگوڕیشەیەک ، بە زوڵم و زۆرداری هەزاران داگیرکەر و دوژمن هەڵنەکەندرێ و نەبڕێتەوە ...

دەبا جۆشوخرۆشی زیاتری بە پشتیوانی و خۆشەویستی و ڕێزلێنان بخەینە خزمەتەوە.. ئەو ئایندەیەکی گەشی دەبێت، گەر دەست و هێز و نەخشەیەکی دڵسۆزانە و کارامە و هۆشیار و خەمخۆر پاڵپشتی بێت.

دە با بنۆڕینە نەتەوە زیندووەکانی ئەم جیهانە پانوبەرین و پێشکەوتووە و لێیانەوە فێربین ، ئەوان چییان کردووە و چ دەکەن؟؟ !!بۆ هەڵکەوتوو و بەهرەمەندەکانیان...

+سڵاو لەو دایک و باوکەی ئەم هونەرمەندەیان هێناوەتە ژیانەوە و ڕێگەیان داوە ئەم ڕێچکەیە بگرێتە بەر...

+سڵاو لە مامۆستا و هاوکارانی...

**خۆشەویستان بچنە سەر یوتوب لەوێ دەتوانن زۆربەی گۆرانییەکان گوێ لێ بگرن... من لینکی چەند نموونەکم لەخوارەوە بۆ راگوێزاون .

ئەو فرمێسکەکانەی هەڵیدەڕێژم هی خۆشین و وشک نابنەوە و تا ئێستا هەڵدەوەرن...ئاخر کوردستان لانکی هەزاران بەهرەمەندی ترە، ڕێیان لێ گیراوە ، چونکە نیشتمانیان داگیر و پارچەپارچەکراوە. کورد خاوەنی دەیان و سەدان وزە و پۆتەنسیالی زۆری ترە، لێ کۆت و بەند کراون، دەنا حەز و خۆشەویستی بۆ ژیان و هونەر زۆر بەهێزە و لە چڵەپۆپەدایە.....

بەهیوای (کوردستانێکی ئازادی و سەربەخۆ) و ژیانێکی پڕ لە شادی و مرۆڤدۆستی...

https://www.basnews.com/so/garan/عەلی+تولاّبی

https://www.youtube.com/watch?v=tMogPV-KbZA

https://www.youtube.com/watch?v=xZEedSDdHDo

